# چۆن بەر بەم کۆڕەوە بگرین..؟!

(لە وەڵامی پڕوپاگەندەی خەستی پدك و ینك لە دژی پەنابەران)

ماوەیەکە زۆر بە گەرمی لە دەزگا ڕاگەیاندنەکانی حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان بە وورد و درشتیانەوە، وە لە سەر زاری ڕابەرانیانەوە کەوتوونە هێرش بۆ سەر پەنابەران وەك بەشێك لە خەڵکی کوردستان. لە ڕواڵەتدا بە شوین ڕێگا چارەدا دەگەڕێن بەڵام لە ولقعدا ڕێگا چارەکانیان جگە لە موهاتەرات و سوکایەتی کردن و خۆڵ کردنە چاوی پەنابەران و خەڵکی کوردستانەوە زیاتر هیچی تر نی یە. لە ڕاستی دا ئەم خۆ کردنە بە خاوەنی کێشەی پەنابەرانە سەرچاوەکەی کۆمەڵێ فاکتەرە کە ڕۆڵێ کاریگەریان هەیە لەوەی کە بە کردەوە ئەو بەرداشەی کە پەنابەرانیان کردۆتە نیوانی یەوە وا خۆیان دەکەونە نێوانی یەوە.

لەم ووتارە کورتەدا هەول دەدەین هەم وەڵام بەو موهاتەراتە بدەینەوە هەم تیشکیك و وەڵامێك بە کۆڕەو ریگای چارەی خەڵکی کوردستان بدەینەوە.

١–خاڵێکی گرینگ لە وادارکردنی سەرانی ئەم حزبانە چ ینك و چ پدك وچ ژورنالیست و نوێنەرانیان لە دەرەوە کە بکەونە قسە لەسەر هۆکاری دیاردەی پەنابەری و چارەسەری، لەوە دایە کە فعلەن ڕووداوەکانی ئەم چەند مانگەی رابردوو چ ناڕەزایەتی یەکانی پەنابەران کە لە لایەن فیدراسیونی پەنابەرانی عیراقی یەوە ڕابەری کراوە وەك ئەوانەی هۆلەند و سویسرا و استرالیا و بریتانیا و ترکیا. .هتد و هاوکات چ ڕووداوە دڵ تەزینەکانی وەك :خنکان و سوتان و کوشتن و دیپۆرت، کە تراژیدی ترینیان فلمی تایتەنیکی کوردستان بوو لە فەرنسا نیشان درا کە بارەی لە و حزبانە هەستان. بۆیە ئەم ماوە یە زۆر بە خەستی و گەرمی لە ناوەوەو دەرەوە کەتوونەتە جولە و ڕشتنی فرمێسکی تمساحی بۆ پەنابەران.دەیانەوێ بەم فرمێسك ڕشتنانە ئەو تاوانانەی خۆیان بشارنەوە کە لە کوردستان دەرهەق بە خەڵکی دەیکەن و هەروەها ئەو بەندو بەستانەی کە لەگەڵ ئەو وولاتانەدا دەیکەن بۆ دیپۆرت کردنی پەنابەران.

٢–فشار هینانی ڕێکخراوەکانی پاراستنی ماف مرۆڤ و خودی ئەو دەوڵەتانە بۆ سەر ئەم حزبە دەسەڵادارانە و ریسوا بونیان بەوەی کە پرۆپاگەندە دەکەن کە کوردستان شوێنکی ئاسایشەو یاسا تیایدا باڵا دەستەو ماف مرۆڤ تیادا پاریزراوە، بەڵام خودی داواکردنی هەزاران پەنابەر لەو وولاتانە و هەروەها ئەو ڕاپۆرتانەی کە لە لایەن فیدراسیونی پەنابەران و ئەو کەیسانەی کە لە لایەن پەنابەرەوە، تەنانەت لە لایەن ئەندامان و بەرپرسانی ئەو حزبانەوە دەدریت ئەوە روون دەکاتەوە کە فعلەن کوردستان نە ئاسایشەو نە یاسا تیایدا باڵادەستەو نە ماف مرۆڤ تیایدا پاریزراوە.ئەوە تەنها کۆمەڵێ قسەی پوچ و بی ناوەرۆکی ئەمانەیە و بەس.بە پیچەوانەوە پێشیل کردنی ئازادی سیاسی و سەرەتاترین ماف مرۆڤ و تیرۆر و زیندانی کردن و وجودی چەندین زیندانی ترسناکی پارتی و یەکیتی وەك زیندانی عقرەو معسکر سەلام و ڕاونانی هەرکەسێك کە لە دژی سیاسەتی ینك و پدکن. بە تایبەتی هیرش بۆ سەر حزبی کۆمۆنیستی کریکاری و رێکخراوی سەربەخۆو تەنانەت تیرۆر کردنی سەرانی خۆیان بە ڕۆژی رووناك کە چەندین حمایەشیان هەیە وەك فرنسۆ حریری ئەمانە هەمووی ئەوە ئەسەلمینێ کە فعلەن کوردستان یەك چرکە بۆ هیچ کەس ئاسایش نی یە.ئەمە سەرەڕای ترس و لەرز و چاوەڕوانی هەمە ڕۆژەی کۆتایی هاتن بەم بارەی کوردستان و هێرشی ڕژیمی بەعس یاخود رێکەوتنی ئەم حزبانە لەگەڵ بەعس و هاتنەوەی بۆ کوردستان و کوشت و بڕی بەکۆمەل و گێڕانەوەی سیناریۆی رەشی سی سال ڕابردوو.

٣– خاڵیکی تر کە وا دەکات بەم خەستی و گەرمی یە باس لە دیاردەی پەنابەری و ئاوارەیی خەڵك بکەن و باس لە رێگا چارە بکەن، دڵسۆزییان نی یە بۆ خەڵك بەڵکو کاریگەری دانانی سلبی ئەم کۆڕەوەیە لەسەریان

کەلە سالی ٩١ وە دەستی پی کردوە و تا ئیستاش نەگیرساوەتەوە.کاریگەری یەکەی ئەوەیە کە فعلەن ئەم کۆڕەوە کە ناتوانن و نەیان توانیوە لە هەمووروویەکەوە احتوای بکەن بە قازانجی خۆیان ئەگەر زۆر جار کەلکیان لیٚ وەرگرتوە بەلام وەك ووتمان لە زۆر رووەوە خزمەت بەوان ناکات بۆیە کەوتونە پەلە قژە . بۆ نمونە ئەم کۆرەوە کاریگەری دادەنیٚ لەسەر ریژەی داواکاری چەك هەلگرتنی خەلك بۆیان، لەسەر بۆشایی زۆر لەبەڕیوەبردنی ئیداراتی دەولەتە کارتۆنی یەکەیان بەهۆی نەبوونی کادری فنی و پیشەیی یەوە. بیٚ ئیعتبار بونیان لە ئاستی نیو دەولەتی و فاشل بونیان لە بەریوەبەردنی مجردی خەلکی دەیان نمونەی تر ئەمە جگە لەوەی کە، سەرەڕای هەر موعاناتیك کە خەلك لەم کۆڕەوە تووشیان دەبیت بەلام خەلك لە دەرەوە بەهۆی ئاشنا بونیان بە فەرهەنگی خەلکی غەرب و دونیای دەرەوەی خۆیان و ئەنتیگرە بوونیان بەو کۆمەلگایانە و ئاشنا بونیان بە مافە سەرەتای یەکانی خۆیان و ڕیسوا یونی ئەمانە لە ناو جالیەی کورد لە دەرەوەو نەبونی کەمترین ئیعتباراتی نوینەرانیان لە دەرەوە و مایەی تفرقە و ئاژاوە گیرٚی و برەو دان بە فەرهەنگی دواکەوتوانە بە ناوی پاراستنی فەرهەنگی ڕەسەنی کوردایەتی و نقابل کردنیان لەگەلٚ فەرهەنگی پیشکەوتوانەی خەلکی غەرب. .زۆر شتی تر ئەمانە هەموی کاریگەری دادەنی لەسەر سیاسەتی ئەم حزبانە. بۆیە ئەمانە چ لە ناوەوە چ لە دەرەوە قازانجیان وەك بەعسی یەکان لەوە دایە کە خەلك نەڕولتە دەرەوە. ئەگەر بۆیان بکریت و دەستیان بڕوات (کە هەرگیر ناڕوات) نایەلن یەك کەس بڕواتە دەرەوە، تەنها کەسانیٚ ئالقە لە گۆی ی خۆیان نەبیت وەك بەعسی یەکان چۆن تا ئیستاش نایەلن کەس بڕواتە دەرەوە.

مەسەلەکە ئەوەیە ئەم کۆڕەوە کە لەسەرەتای ٩١ دەستی پیکردوە چ لە ئاستی کوردستان و چ لە ئاستی دونیا بەشیکە لە سەلبیاتی سیستەمی نۆی ی جهان( وەك لەووتاری پیشوی تری ئەم گۆشەیەی فیدراسیۆن ئامـاژەم پی کردوە) هۆکارەکەی ئەو هیرٚشەیە کە بۆ سەر کۆمەلگەی مرۆڤایەتی کراوە، پاشان بۆ سەر مافەکانی پەنابەریش.وەزعی ئەم چەند سالەی کوردستان و پەنابەری بە کۆمەلٚ و ئاوارەیی و دەسەلاتی ئەمانە هەمووی بەشیکن لەو سەلبیاتانە. ئەم وەزعەیە وای کردوە کە وەزعی کوردستان جیگیر نەبیت و هیچ مرۆڤیك بچوکترین ئاوات و ئومید و ئاسۆیان بە سبەی ڕۆژ نەبیت، تەنانەت خودی سەرانی ئەو حزبانەش. هەر بۆیەش سەرانی ئەوانیش کە ئیقامەی هیچ وولاتیکیان نەبیت هەلپە دەکەن بۆ دەرەوەو داوای پەنابەری دەکەن تا ئیقامەیەك وەربگرن.

بۆیە ریگا چارەی ئەم وەزعە بەرلە هەر شتیك لەوە دایە کە ئەم بارە نالەبارەی کوردستان کۆتایی پی بیت و یەك لا بیتەوە. دیارە بە پیٚ ی ئاوات و ئارەزوو و ئومیدی خەلکی کوردستان کە ئەویش لەوەدا خۆی دەبینیتەوە کە بۆ یەکجاری لە سیبەرو تارمایی ڕژیمی بەعس ڕزگاریان بیت و ببیتە وولاتیکی سەربەخۆ، تا یاسایەکی مرۆییانە تیایدا جیگیر بیت و هەموو پیویستی یە سیاسی و کۆمەلایەتی یەکانی خەلك تیایدا دەستبەر بیت، کە گرینگ ترینیان دابین کردن و پارستنی ئازادی بی قەید و شەرتی سیاسی یە. بە غەیری ئەم ڕیگایە پیشنیاز کردنی هەر ڕیگا چارەیەکی تری حزبە دەسەلاتدارە عەشیرەتی و هاوکارانیان ناتوانیٚ بەر بەم کۆڕەوە بگریٚ کە لە سالیٚ ٩١ دەستی پی کردووە.

موزەفەر عبدالله ٢٠٠١/٣/٢٨